

## مۆدی ئێکسسواری ب

زۆربەی خانمان حەز بە ئێکسسوارەکان دەکەن، هەر یەکێك خاوەنی کۆمەڵێك یان دەستەیەك ئێکسسوار و خشڵی هەمە جۆرن، بۆ کاتی بۆنە و یاد و دەرچوون و زانکۆ و دەوام دەیانپۆشن، مۆدەکانی ئێکسسوار زیاتر شێوە کلاسیك و سادە رەنگیان پێوە دیارە، گۆڤاری (برایدێرز) باس لە خشڵ و ئێکسسوارەکان دەکات، جەخت لەسەر (ئەڵقە و ئەنگوستیلە) دەکاتەوە و تیایدا ئاماژەی بە خانمان دەکات کە دەتوانن واز لە مۆدە کلاسیکەکان بهێنن، بەڵکو گرنگی بە خشڵی بەرد و زومرەدی بدەن، جگە لەوەی ئێکسسواری زێڕ و زەبەند و ئەڵماس بە نرخێکی گران دەکڕێن، دەتوانی بەو نرخە

## رەنگی جلوبەرگ بۆ وێنەگرتن





خەون و ئاواتی هەموو ئافرەتانە لەکاتی وێنەگرتن و لە وێنەکانیدا وەك شازادەیەك دەربکەون، هەندێ جار ماکیاژێکی نایاب و ناسك دەکەن، هەروەها دەستە مۆدە جلێکی نایابیش دەپۆشن، کەچی لەوێنەکاندا بەجوانی و بەدڵی خۆیان دەرناچن، ناشزانن هۆکارەکان چین، پسپۆڕانی وێنەگرتن دەڵێن: رەنگی جلەکەت کاریگەری لەسەر جوانیی وێنەکەت دەبێ، جگە لە شێوەی وەستان و جووڵەی جۆراوجۆر، جۆری رەنگی جل بە شیك و ناشایستەیی دەردەکەون. (لی ئیسمان) پسپۆڕی بواری وێنەگرتنە و دەڵێت: رەنگە بەهێز و تۆخەکان بە جوانترین شێوە دەردەچن، بە پێچەوانەی رەنگی کاڵ و باستیلەکان، لە نێوان هەردوو جۆری رەنگەکان، سپی تاکە رەنگە کە شێوەی روخسارت بە پەرت و بڵاوی و لێڵی نیشان دەدات، بۆیە لە کاتی وێنەگرتن و بۆنەکاندا تا دەتوانی رەنگاکانی (سوور، شین، سەوز، وەنەوشەیی، شەزری)، بۆ ئەوانەش کە حەز بە رەنگە زەقەکان ناکەن، دەتوانن رەساسی و بێجی بکەن بە رەنگی سەرەکی جلەکانیان بۆ وێنەگرتن.



## ەردین هەڵبژێرە

کۆمەڵێك خشڵی بەرد و پلاستیك بەدەست بهێنی، کە بۆ زۆربەی بۆنە و یاد و دەرچوون و دەوامیش دەپۆشرێن، ئێستا زۆربەی کچە ئەکتەر و ناودارەکانی جیهان روویان لە ئێکسسواری زومرەدی و بەردین کردووە، پێیانوایە جوانی ئەو ئێکسسوارانە جیاوازە لەگەڵ کلاسیکەکان، لەو گۆڤارەدا هاتووە: دەتوانن سوود لەو جۆرە ئێکسسوارانە وەربگرن کە شێوەی هێلکەیی و بازنەییان پێوە دیارە، ئەو مۆدە باوانەی ئەو جۆرە ئێکسسوارە بریتیین لە: ئەشلین، سیپێل، بریسلیت، ئەندورۆمێدا، ئەنتیك، ئەنگارا و کالڎۆنیا.



## ماڵەکەت بە ڕەنگێکی ناوازە ڕازاوە بکە



پێویست دەکات دیکۆری ماڵەکان لە چەند رەنگێکی دیاریکراو پێکهاتبێت، هەر ئافرەتێکی ماڵ حەزی بە جۆرە رەنگێکە تا تەواوی دیکۆری ماڵەکەی لەو رەنگەدا بێت، چەند رەنگێك هەن کە دەتوانی دیکۆر و کەرەستەکانی ماڵ لەسەر هەڵبژێریت، نموونەی ئەو رەنگانە بریتیین لە: قاوەیی، شین، سپی، بێجی، پیازی، زەردی کاڵ، وەنەوشەیی، مۆر.

پسپۆڕانی دیکۆر دەڵێن: ئەو رەنگانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرا تەنیا بۆ چەند وەرزێك گونجاون، واتە ناکرێت هەموو وەرزەکانی ساڵ رەنگێکی دیاری کراو لە مۆدی دیکۆری ماڵدا هەبن، بەڵام جوانترین رەنگی دیکۆری ماڵ کە لەگەڵ هەموو وەرزەکان دەگونجێت رەنگی مۆرە، ئەو رەنگە گوزارشت لە هێمنی دەکات و ناسکیش بە دیکۆرەکان دەدات. ئەو رەنگە بۆ هەموو کەرەستە و کەلوپەلەکانی ماڵ دەبێت، بۆ نموونە: دەکرێ رەنگی پەنجەرە و پەردەکانیش لە هەمان ئەو رەنگە بێت، هەروەها دەکرێت مۆکێت و رەنگی کەرەستەکانی ژووری دانیشتن لەو رەنگە هەڵبژێریت، ئێستا زۆربەی دیوارەکانی ماڵ لە رەنگی سادەن، ئەگەر کەرەستەکانت لە رەنگی مۆر بێت، ئەگەرچی جیاکاری نێوانیان دروست دەبن، بەڵام جوانی رەنگە مۆرەکە بەسەر رەنگە سادەکان زیاتر دەبێ.











## جوانترین گیانداری سەر زەوی

بەپێی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری ناشیۆناڵ جیوگرافیك، لە پێشبڕكێیەکی پاڵەواتن بۆ جوانترین گیانداری زەوی، توانییان جۆرە پشیلەیەك هەڵبژێرن، تا ببێتە جوانترین گیانداری سەر زەوی، ئەو جۆرە پشیلە بە (کراکاڵ) ناسراوە، لە جۆری شیردەرەکانە و لە بەشی گۆشتخۆرەکاندایە، ئەو جۆرە پشیەلەیە لە کیشوەری ئاسیا و ئەفریقیا و وڵاتی هیندستان دەژی، ڕەنگی قاوەیی یان ڕەنگی وەکو کا وایە، چاوێکی گەورەی شینی هەیە، زیاتریش گۆشتی گیانداری بچووك دەخوات، ناوی زانستی (Caracal) و درێژی (٧٥) سەنتیمەتر دەبێت، کێشی نێوان (١٢) بۆ (١٨) کیلۆگرامە، ددانەکانی تیژ و سپین، ڕوخسارێکی کورت و وردی هەیە، بە قاچ درێژ ناسراوە. جوانی ئەو پشیلە لەوەدایە، کە لەبەشی دواوەی سەر گوێچکەکانیدا تەنێکی ڕەش هەیە لە گوێچەکانی درێژترە و بەشێکی لە دیوی پێشەوە دەردەکەوێت وەك ئەوەی نەخشێکی دەستکراو بێت.



## جوانترین و سەیترین ش

سیستەمی هاتوچۆ لە جیهاندا چەندین جۆرن، یەکێکیان گواستنەوەی خەڵکە بە پاس، تا پاسەکان دەگەن بە شوێنی مەبەست، شوێنی وەستانی پاس و چاوەڕوانی بۆ خەڵك و سەرنشینیان دابین کراوە، ئەو شوێنە لە هەر وڵاتێك بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازە، هەندێکیان ناتوانیت بۆ خولەکێك لەوێدا بوەستێت، هەندێکی دیکەش وەك ماڵەکەت وایە کە شوێنی دانیشتن و سەیرکردنی تەلەفزیۆن و یاریکردن و جۆلانێیشی بۆ دانراوە، سەیرترین شوێنەکانی پاس دەکەوێتە کەنداوی (شیتلاند)، ئەو شوێنە دەکەوێتە ناوچەی نیمچە





## بەلەم و کەشتیی ڕوون

داهێنان لە هەموو بوارێکدا لە ڕێگەی بیرکردنەوە و پرۆژە و لێکۆڵینەوە دەکرێت، هەندێ جار تەنیا بە بیرۆکەیەك سوودێکی گەورە و داهێنانێکی ناوازە لە بوارێکدا دەکرێت، ئەندازیارانی کۆمپانیای (Clear Blue Hawaii)، توانییان گەورەترین خزمەت پێشکەش بە بواری کەشتی و بەلەمی ئاوی و دەریاوانی بکەن، ئەو پرۆژەیە لەلایەن ئەندازیارێك بە ناوی (جۆن کایاك) پێشکەش بە کۆمپانیاکە کرا، ئەویش بە ڕوونکردنی تەواوی بەلەم و کەشتییەکان، بەتایبەت بەشی ژێرەوەی تا ئەوانەی لەناو بەلەمەکاندا دەبن، بتوانن بە سادەیی ژێر خۆیان و نێو ئاوەکە لە ڕێگەی ڕوونی بەلەمەکانەوە ببینن. پرۆژەکە ڕەزامەندی لەسەر دەربڕا، دواتر بیریان لەوەکردەوە ئەگەر شووشە بەکاربهێنن ڕەنگە نوقم بێت، بۆیە ماددەی (پۆل کاربۆنی)یان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرد، بە تێکەڵی لەگەڵ شووشەی بەهێز و پتەو کە گوللە نەبڕە تا پێکهاتەیەکیان دروست کرد بۆ نێو ئاو دەگونجێت و ڕوونیشە وەك شووشە. نرخی ئەو جۆرە بەلەمە لە (١٤٩٠) دۆلار دەست پێدەکات و جێگەی (٢) تا (٤) کەس دەبێتەوە.





## وێنەکانی وەستانی پاس

دوورگەیی لە وڵاتی ئوسکۆتلەندا، شوێنەکانی پاس لەو ناوچەیەدا، هەر یەکەیەکی جۆرێکە، هەندێکیان جۆلانی لێی دانراوە، بەشێکی دیکەیان تەلەفزیۆن و ئامێرەکانی گەرما و سەرما، لە بەشێکی دیکە یارییەکانی وەك تێنس و شەترەنج دانراوە، هەندێکی دیکەش ئامێرەکانی لاوازکردنی بۆ دانراوە، جۆرێکی دیکەی کتێبخانەیە تا ئەو کاتەی پاسەکەت دێت، چەند لاپەڕەیەکی کتێبێك دەخوێنیتەوە، هەموو ئەوانە بۆ خزمەتکردنی خەڵکە، تا لە کاتی چاوەڕوانیدا بێزار و بێتاقەت نەبن.





## بنێشتی خۆماڵی

جگە لەوەی وەك خواردنێکی سروشتی دارەکانی کوردستانە، هەروەها بنێشت دروستکردن بە یەکێك لە پیشە ڕەسەن و کۆنەکان دادەنرێت، ئەو پیشەیە زیاتر لە ناوچەکانی هەورامان و دەوروبەری هەڵەبجەدا هەیە، بەتایبەت ئەو شوێنانەی کە داری قەزوان لێی دەڕوێت، بنێشت لە داری قەزوان دەردەهێنرێت، دوای ئەوەی بە چەند هەنگاوێك دارەکە بریندار دەکرێ و بنێشتەکە لێدەکرێتەوە کە بەمجۆرەیە: ساڵانە لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیران دەستپێدەکات و تا کۆتایی مانگی ئاب بەردەوام دەبێت، دار قەزوانەکان زیاتر لەناو کەژەکان دەڕوێن، پیشەوانانی بنێشت هەڵدەستن بە بریندارکردنی دار قەزوانەکان و لێدانی کۆچەڵە بۆ خڕکردنەوەی بنێشتی تاڵ تیایدا. ئەوانەی ئەو کارە دەکەن، پێویستە ماوەیەك لە کەژەکاندا بمێننەوە، هەر بۆیە شوێنی مانەوەی خۆیان ئامادە دەکەن و پاشانیش کەنگە ئامادە دەکەن کە پێویستە شوێنێکی باش بێت بۆ دروستکردنی تۆپەڵە پوڕ بۆ لێدانی کوچەڵە. دواتر وەستا دەستدەکات بە بریندارکردنی دار قەزوانەکان کە ئەوەش بە تەشوێ دەکرێت، پاشان کوچەڵە لە شوێنی لەلەکان دەکرێت، ئەو قۆناغە تەواو دەبێت و جێدەهێڵدرێت، دواتر لە سەرەتای مانگی تەموز واتە (١٥) ڕۆژ دواتر بەشی دووەمی لێدانی لەلەی دووەم لە شوێنی کوچەڵەکان دەستپێدەکاتەوە و تا زۆرترین بنێشتەتاڵ کۆبکرێتەوە. پاشان کوچەڵەکان لێدەکرێنەوە و کۆدەکرێنەوە، نابێت بنێشت لە کاتی هەتاوی بەتێن لێبکرێتەوە، چونکە خاو دەبێتەوە و سوودی لێنابینرێت، دواتر بنێشتەکان دەپاڵێوێنرێن هەرچی خاشاك و وردە خۆڵ و بەردی تیایدایە پاك دەکرێتەوە، لە کۆتاییدا لەسەر ئاگرێکی بە تێن دادەنرێت و دوای کوڵاندن سارد دەکرێتەوە و ئەو کاتە ئامادەی جوین دەبێت.









## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا گوایە (٣) سەری منداڵ و (٦) جەستە دەبینرێت، هەوڵدە بە سەیرکردنی سەری منداڵەکان چەند جەستەت بۆ دەردەکەوێت و چەند منداڵ لە وێنەکەدا هەن.



## فێڵکاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو کەس پاڵ کەوتوون، کە ڕوویان بەرەو زەوییە و بە ئاسمانەوەن، کەچی دیمەنی دواوەیان ئاساییە و بەبێ ئەوەی سەراوژێر کرابێت، هەوڵبدە ڕاست و دروستیی وێنەکە بزانیت.



## پەند و وتە

لینۆس کارل پاولینگ، کیمیاگەر و نووسەر و ڕۆشنبیری ئەمریکی ساڵی (١٩٠١) لە شاری پۆرتلاند لە ویلایەتی ئۆریگۆن لەدایك بووە و لە ساڵی (١٩٩٤) لە شاری کالیفۆرنیا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی بێزاری ژیانی مرۆڤ دەڵێ: هۆکاری زۆربەی بێزاری و ڕەشبینیمان نیگەرانییە لە کۆمەڵێك بیرکردنەوە و شتی سەیر کە خۆمان دایدەڕێژین، تەنانەت بوونیشی نییە.




## گەورەترین دەمی مرۆڤ

زۆر جار مرۆڤ بە قەمیشێك خواردنەوەیەك نۆش دەکات، هەندێ جار بۆ خۆشی دەیکات بە دووان و سێیانیش بۆ گاڵتە، بەڵام کەس وەك ئەو گەنجە هیندستانییەی پێناکرێت، چونکە دەتوانێت زیاتر لە دەستەیەکی قەمیش بخاتە نێو دەمیەوە. ئەو گەنجە ناوی (مانۆج کۆمار)ە و تەمەنی (٢٣) ساڵە، لە ویلایەتی ئۆدیشیا دەژی، کە دەکەوێتە لای باکووری ڕۆژهەڵاتی هیندستان، وەك کەسێکی خۆبەخش بۆ بەدەستهێنانی نازناوی خاوەن گەورەترین دەم، توانی (٤٥٩) قەمیشی خواردنەوە بخاتە نێو دەمیەوە، هەروەها توانی بۆ ماوەی (١٠) چرکە بە یەکێك لە قەمیشەکان خواردنەوەیەك نۆش بکات.




### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەستت بپارێزە و بەرگری لە خۆت بکە، کەسێکی بە سۆز و دڵگەورەی، لایەنی سۆزداریت کێشەو گرفتی تێدەکەوێت، بەڵام دەستەوەستان نامێنیت و هەوڵێ بنبڕکردنی گرفتەکان دەدەیت. لایەنی بەرامبەرت لە ڕاستییەکان دەگەیەنیت، بەمەش ویژدانت ئاسوودە دەکەیت.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ڕێگە بە کەسانی دیکە مەدە ژیانت تێك بدەن و با کاریگەری خۆت لەسەریان هەبێت، سادەیی و ساکاریت ئاکارو ڕەوشتی جوانتر کردوویت لەلای کەسوکاریشت شیرینترو خۆشەویستر بوویت، بەڵام هەست دەکەیت کەسانێك ئەم هەڵسوکەوتانەی تۆ بەهەڵە لێك دەدەنەوە.



### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

بڕوات بە خۆت بێت چونکە کەسانی دەوروبەرت دەیانەوێ ژیانت تێك بدەن، پاداشتێکت بەدەست دەگات و باری داراییت بەرەو باشتر دەبات، پرۆژەی گەشتێك و سەردانی کەسێکی ئازیزی دوور لە مێشکت سەرهەڵدەدات، گرفتە سۆزدارییەکەشت بەرەو کۆتایی دەچێت.




### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ماوەیەکە بێزاریت پێوە دیارە، متمانەت بە خۆت بێت، ئەم ماوەیە زۆر گرنگی بە ژیانی کۆمەڵایەتیت دەدەیت، هەروەها ئاوات و حەزەکانت زیاتر دەبێت، بەڵام بە هۆی نارۆشنی ئاکامەکان کەمێك دڵتەنگ دەبیت، نیگەران مەبە، بەخت یاوەرتە و سەرکەوتن بۆ تۆیە.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئەزیەتی زۆریان داوی، بۆیە دەتەوێ تۆڵە بکەیتەوە، بەڵام دڵی دۆستەکانت مەڕەنجێنە و گرنگییان پێ بدە، چونکە ئەوان تۆیان زۆر خۆش دەوێت، ئاگاداری هەڵسوکەتت بە. ئەم ماوەیە هەست بە ماندووبوون و بێزاری دەکەیت، بەڵام ئەوەی دەتەوێت بە ئەنجام دەگات.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەمیشە بە بڕوا و بیرکردنەوەی خۆت کارەکانت بکە، لەبواری ئەڤینداریدا هەست بە دڵتەنگی دەکەیت، ئەمەش بەهۆی دوودڵیتەوە بەرامبەر بە دۆستەکەت و وا هەست دەکەیت کە زۆر شت هەیە لە تۆی دەشارێتەوە، لەبیرت نەچێت تۆش زۆر شتت لەو شاردۆتەوە .



## كاریكاتێر

ئەم كاریكاتێرە ئاماژە بە كەسانی دووڕوو و بەڵكو چەندڕوو دەكات، بەتایبەت ئەوانەی قسە و وتە بۆ خەڵك دەدەن، ئەگەر لە ڕاستی ڕوخسار و بیر و هەستیان بكۆڵیتەوە، دەیان كەسی دیكە دەدۆزیتەوە، وەك ئەوەی دەیان ڕووی هەبێت.

## جیاوازیی وێنە


- لەم دوو وێنەیە چەند جیاوازییەك هەیە، بیاندۆزەوە!





## نوكتە

منداڵێكی بچووك، بە پەلە برا گەورەكەی لە خەو هەڵدەستێنێت و پێی دەڵێت: ئەگەر من نەبوومایە، باوكم بە زۆر تۆی لە خەو هەڵدەستاند، هەر ئەوە بوو، ویستم پێت بڵێم!



## بۆ زانیاریت

### ساردترین شوێن لە گەردووندا

دەزگای ناسا لە هەوڵدایە بۆ دروستكردنی ساردترین شوێن لە گەردوونی زانراودا، ئەویش لە زەوی لە تاقیگەی گەردیلەی سارد (CAL) لە خولگەی زەویدا. ئەو شوێنەی كە كەشتیوانە ئاسمانییەكان بەكاریدەهێنن بۆ دروستكردنی حاڵەتێك كە هەرگیز پێشووتر نەبینرابێت لەگەڵ پلەی گەرمی ١٠٠ ملیۆن جار ساردتر لە قووڵایی بۆشایی. تاقیگەی گەردیلەی سارد (CAL) بە مووشەكێكی ئاسمانی كۆمپانیای ( SpaceX ) بە وێستگەی بۆشاییگەی نێودەوڵەتی دەبەسترێتەوە. ئەم هەوڵدانە دەبێتە هۆی ئاشكرابوونی چەندین هیوا و خواستی فیزیاوانەكان دەربارەی ماددە ئەگەر هاتوو گەردیلەیەك ساردكرا بۆ ملیارەها تەنیا پلەیەك لەسەر سفری ڕەها. ئەم تاقیكردنەوەیە هاوكار دەبێت بۆ زاناكان دەربارەی تێگەیشتنی زیاتر بۆ كێشكردن و وزەی تاریك و ماددەی تاریك لە گەردووندا، كە بە بەربڵاوترین هێزن لە گەردوون. هەروەها دەزگای ناسا لە پێشووتردا هەرگیز هیچ تاقیكردنەوەو لێكۆڵینەوەیەكی لەم شێوەیەی نەكردووە، بەمەش دەبێتە شتێكی نوێ بۆ زاناكان كە لە خولگەی زەوی درێژە بە كارەكانیان بدەن، بڕیار وایە دەزگای ناسا بە هاوكاری ( SpaceX ) لەم مانگەدا بە كەشتی ئاسمانی ١٢-CRS سەر بەهەمان كۆمپانیا ئەم تاقیگەیە بنێرێتە خولگەی زەوی و كاركردن لەم هەوڵ و كۆششە تاوەكو ساڵی ٢٠٢٠ بەردەوام دەبێت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

دوودڵ مەبە لە بڕیارەكانت و ئەوەی لەسەرتە جێبەجێ بكە. بیركردنەوەت جوانە و كەسێكی ژیری، ئەو دونیایە تەنیا ڕۆژێك و دووان نییە، ڕۆژێك هەر دێت ئەو كەسەی كە هەڵویستی بەرامبەرت خراپ بووە، پەشیمان دەبێتەوە، كەمێك دان بەخۆتدا بگرە

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

هەست بە كەسانی دەوروبەرت بكە و سەر لە خۆت مەشێوێنە، كارەكانت بە متمانەوە بكە، وا پێویست دەكات ئەو كێشەیەی ئێستات بە بێدەنگی چارەسەر بكەیت، چونكە ناحەزت زۆرە و هەوڵ دەدەن كێشەكەت ئاڵۆزتر بكەن. لەم ماوەیە كەمێك ماندوو دەردەكەویت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

مەهێڵە ڕێگەی ژیانت تێك بدەن. تۆ كەسێكی خاوەن بڕوای خۆتیت، لەبواری سۆزدارییەوە سۆزێكی ئێجگار قووڵ لەناخی دڵت هەڵدەقوڵێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە زیاتر پارێزەری خۆشەویستەكەت بیت. پێویست بەو هەموو گومانە ناكات و دوودڵیش مەبە.

### دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١

بیركردنەوەكانت جیاوازن و پێویستت بە پشووە، لەو پرۆژەی كە بۆ دوارۆژ بیرت لێكردۆتەوە، تەنیا ئەوەندەی پێویستە دەست بە جێبەجێكردنیان بكەیت، ئەوەی دیكە خۆی بە ئاسانی جێبەجێ دەبێت، گۆڕانكارییەكان وات لێدەكەن لە ڕووبەڕووبوونەوە نەترسی.

### كەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ڕابردوو لە بیر بكە و بیر لە داهاتووت بكەوە، مەترسە لە ڕووبەڕوونەوەی هەندێ هەڵوێست كە پەیوەندی بە خۆشەویستەكەتەوە هەیە، لە ڕابردوو دوور بكەرەوە تا بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێیت، ئامۆژگاری دەوروبەرەكەت وەربگرە.

### گیسك ١٢/٢٢ - ١/١٩

كەسێك نیازی خراپی بۆت هەیە و لێی قبووڵ مەكە، لایەنی سۆزداریت كێشەو گرفتی تێدەكەوێت، بەڵام دەستەوەستان نامێنیت و هەوڵی بنبڕكردنی گرفتەكان دەدەیت و لایەنی بەرامبەرت لە ڕاستییەكان دەگەیەنیت، بەمەش ویژدانت ئاسوودە دەكەیت.